# خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەتلێکراوەکان، ووتیان: دوو نەفرەتلێکراوەکان چیین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو کەسەیە لە ڕێگای خەڵکی یان لە سێبەرەکەیان خۆی خاڵی دەکاتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەتلێکراوەکان*، ووتیان: دوو نەفرەتلێکراوەکان چیین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو کەسەیە لە ڕێگای خەڵکی یان لە سێبەرەکەیان خۆی خاڵی دەکاتەوە (میز ویپسایی دەکات)».
*(نەفرەتلێکراوەکان: واتا ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی نەفرینی کردنی خەڵکی لە هەرکەسێک بیانکات هەروەکو لە فەرموودەکەدا ڕوونکراوەتەوە)
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

وازبهێنن ودوور بکەونەوە لەو دوو کردەوەیەی کە دەبنە هۆی نەفرەت کردنی خەڵکی لەو کەسەی ئەنجامیان دەدات، وئەوەی ئەنجامیان بدات زۆر جار جوێنی پێدەدرێت یان نەفرەتی لێدەکرێت، چونکە خۆیان هۆکاری ئەو نەفرەت کردنەن بۆیە نەفرەتکردنەکە دراوەتە پاڵیان (اللعانین)، وئەمیش بریتیە لە پاشەڕۆ کردن یان میزکردن لەسەر ڕێگاوبانی خەڵکی یان لە شوێنی سێبەر وحەوانەوەیان، وئەم فەرموودەیە ئاماژەیەکی تێدایە وەکو ئاماژەی ئەم ئایەتە کە باسی هۆکارەکان دەکات کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ}[الأنعام: 108]، واتە: {(ئەی موسڵمانان) جنێو وقسەی ناشرین مەڵێن بەو بت وپەرستراوانەی کە ئەوان هاواریان لێدەکەن ودەیانپەرستن بێجگە لە خودا بەو هۆیەوە ئەوانیش قسەی نەشیاو بە خودا بڵێن}، واتا ئێوە دەبن هۆکار بۆ ئەوەی ئەوان جنێو بە خوای گەورە بدەن؛ بەهۆی جنێو دانتان بە بت وپەرستراوە پوچەڵەکانیان، ولێرەدا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لەوەی کەسێک جوێن بە باوکی دایکی بدات. ووتیان: ئایا کەسێک هەیە جوێن بە باوک ودایکی بدات؟ فەرمووی: بەڵێ، کەسێک جوێن بە باوکی کەسێکی تر دەدات؛ ئەویش جوێن بە باوکی یان دایکی ئەم دەدات. بۆیە لێرەدا وەکو ئەوە وایە خۆی جوێنی بە باوک ودایکی خۆی دابێت چونکە خۆی هۆکار بووە بۆ جوێندان پێیان. وکاتێک دەفەرموێت: (ئەو کەسەیە لە ڕێگای خەڵکی خۆی خاڵی دەکاتەوە): واتا میز وپاشەڕۆ دەکات لەو ڕێگایانەی خەڵکی پێیدا تێپەڕ دەبن، وئەم کردەوەیە حەرامە، ئەگەر لە ناو شاردا بێت یان دەرەوەی شار وڕێگاکانی سەفەر وگەشت کردن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی، وخوای گەورە دەفەرموێت: {وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا} [الأحزاب : 58]، واتە: {وکەسانێك کە ئازاری پیاوان وئافرەتانی ئیماندار دەدەن بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت ئەوە بەڕاستی ئەوانە بوهتان وتاوانێکی ئاشکرایان گرتۆتە ئەستۆ}. بەڵام ئەگەر ڕێگاوبان نەبوو وکەس پێیدا تێپەڕ نەدەبوو وەکو لە دەشتاییەک یان بنی شاخێک کە هیچ کەس بۆی ناچێت؛ ئەوا لێرەدا خۆ خاڵیکردنەوە ئاساییە چونکە هۆکاری نەفرەت کردنەکە نەماوە. (یان لە سێبەرەکەیان خۆی خاڵی دەکاتەوە) واتا میز ویپسایی دەکات لەو سێبەرانەی کە خەڵکی بۆ حەوانە وخۆپاراستن بەکاریدەهێنن ولەوێ بۆ ماوەیەک دەمێننەوە ودادەنیشتن، بەڵام ئەو سێبەرەی کە خەڵکی بۆ ناچێت لە شوێنە چۆڵ ودەشتاییەکان، ئەوا لێرەدا خۆ خاڵیکردنەوە ئاساییە، چونکە هۆکاری نەفرەتکردنەکە نەماوە؛ وچونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەندێک جار لە ژێر سێبەری دار خورمایەک سەرئاوی کردووە وئەم دار خورمایە سێبەری هەبووە، ودیارەم ئەم دار خورمایە لەوانە نییە کە خەڵکی بۆ حەوانە وخۆپاراستن بەکاردەهێنن لە کاتی گەرمادا ودووره دەست بووە.